لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی کابینەی دەیەمی حکومەت کۆدەبنەوە

بەیارە سبەینێ چوارشەممە جارێکی دیکە لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی حکومەتی کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە.

میدیای فەرمی یەکێتیی ڕایگەیاند، گفتوگۆی لایەنە تەکنیکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتی و پارتی بەردەوامی هەیە و سبەینێ جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکەی هەردوولا کۆدەبنەوە.

لیژنە هاوبەشەکە ئەرکیانە ڕێشنوسێک لەبارەی چۆنێتی حکومەتی داهاتووی هەرێم ئامادە بکەن، کە لەئێستادا بەشێکی زۆری کارەکانیان تەواو بووە و پاشان ڕێشنوسی کۆتایی گفتوگۆکانی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەفدی باڵای یەکێتیی و پارتی بۆ بیاردان لەسەری.

پێشتریش وتەبێژی یەکێتیی لەکۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، لەئێستادا لەنێوان یەکێتیی و پارتیدا باس لەهیچ پێستێک نەکراوە، ئەوەی دەوترێت و باس لەدابەشکردنی پێستەکان دەکرێت پووچەڵکراوەتەوە، ئەگەر لەسەر بەرنامەی حکومەت ڕێکنەکەوین یەکێتیی پێستی بۆچییە.